# بڕیارنامەی کۆنگرەی دەهەمی کۆمەڵە سەبارەت بە جەریانی ئینشعابی لە کۆمەڵە

ئێستا، دوو ساڵ لە ئینشعاب و جیابوونەوەیەك کە لە هاوینی ساڵی ١٣٧٩ هەتاوی لە کۆمەڵەدا ڕوویدا تێپەر دەبێ.ناوەرۆکی راستەقینەی ئەو جیابوونەوەیە کە بەناوی موخالیفەت لەگەڵ مانەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەرێوە چوو، لە باری ئیدئولوژیکەوە دوور کەوتنەوە لە بەرنامە و ئامانجی کۆمۆنیستی و لە باری سیاسیشەوە خۆ رێکخستن لەگەڵ رەوتی ئیسلاحاتی بورژوازی لە ئێران و رەنگ دانەوەی ئەو رەوتە لە کوردستان بوو.

کەوتنەریێ بزوتنەوەی ئیسلاحاتی بورژوایی، بەرێوەبەرانی جیابوونەوەکەی تووشی ئەم تەوەهوم و خۆش باوەرییە کرد کە رەنگە بتوانن لەناو کەلێن و کەلەبەرەکانی پرۆژەی ریفورم دا جێگا و شوێنێك بۆ خۆیان وەدەست بێنن، بەڵام ئاوا مەبەستێك بە بێ پێك هێنانی گۆرانگاری لە ئاسۆ و ئامانجی کۆمەڵەدا نامومکین بوو.

رەوتی ئینشعابی کاتێك کە نەیدەتوانی لەرێگای مکانیسمی قانوونی رێکخراوەییەوە، ستراتژی و رێبازی کۆمەڵە لە پێناو ئەو مەبەستەدا بگورێ، دەستی دایە بە کارهێنانی رەوشی سیاسی و تەشکیلاتی ناشەرعی و چونکە لەو رێگایەشەوە سەرکەوتنیان وەدەست نەهێنا، ئەم جار رێگای جیابوونەوە لە کۆمەڵەیان گرتەبەر.

رەوتی ئینشعابی لە کاتی بەرێوە چونی کۆنگرەی نوهەمی کۆمەڵەدا لەگەڵ کەمتر لە سەدا بیستی کادر و ئەندامان، رێزی کۆمەڵەیان بەجێ هێشت، هەر بۆیە کەڵك وەرگرتنی ئەوان لە ناوی کۆمەڵە و ئیدیعای ئەوەی کە گۆیا "کۆمەڵە"یان لە "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" هێناوەتە دەرێ، نەتەنیا لە رووی سیاسییەوە، بەڵکوو لە رووی رێکخراوەیی و ئەخلاقیشەوە نامەشرووعە. پەیوەست بوونەوەی سەرلە نوێی کۆمەڵێکی بەرین لە کادر و ئەندامانی لە مێژینە، کە لەو ساڵانەی دواییدا هەرکام بەهۆیەك لە هەڵسوورانی رێکخراوەیی دوور کەوتبوونەوە و هاتنەوەیان بۆ ناو ریزەکانی کۆمەڵە، زیاتر ناشەرعی بوون و نا دروستی ئیدیعاکانی رەوتی ئینشعابی بە هەمووان نیشان دەدا، و ئەمرۆ ئاشکرایە کە نەقشە و رفاندن و موصادرەی ناوی کۆمەڵە و گۆرینی ئاسۆی سیاسی و ستراتژی کۆمەڵە شکستی قەتعی و بێ ئەم لاو ئەولای هێناوە.

کۆنگرەی دەهەمی کۆمەڵە کەڵك وەرگرتن لە ناوی کۆمەڵە بۆ ناساندنی رەوتێك کە هیچ پەیوەندی‌یەکی بە ئامانج و سوننەتەکانی کۆمەڵەوە نی‌یە، مەحکووم دەکا و لە سەر ئەو باوەرەیە کە کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان هەر بەم جورەی کە تا ئێستا بە پشتیوانی بیٚ دریغی خۆیان، ئەم چەشنە هەل پەرستی‌یانەیان لە دژی کۆمەڵە لەگەڵ شکست بەرەو روو کردوە لەمەو بەدواش بە پشتیوانی بیٚ دریغی خۆیان بزوتنەوەی رادیکاڵ و سوسیالیستی کۆمەڵە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی یارمەتی دەدەن.

Filename: p2
Directory: D:\PESH148
Template: C:\Program Files\Microsoft Office\Templates\ANormal.dot
Title: jklkj
Subject:
Author: HoDab
Keywords:
Comments:
Creation Date: 22 9:22/02/2008
Change Number: 197
Last Saved On: 01 1:15/02/2009
Last Saved By: HoDab
Total Editing Time: 77 Minutes
Last Printed On: 01 1:16/02/2009
As of Last Complete Printing
Number of Pages: 2
Number of Words: 333 (approx.)
Number of Characters: 1,900 (approx.)